ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە یەکێتی ژنانی کوردستان دوو هەفتە جارێك دەریدەکات

ساڵی پێنجەم ژمارە (94) چوارشەممە 2002/5/1 | No:94 Wednesday 1/5/2002 | نرخی (2)دینارە

لەم ژمارەیەدا

ل3

ل5

ل7

پێویستە هاندان و باشکردنی وەزعی ژنانی ڕۆژنامەنووس پانتاییەکی گەورەتر بگرێ

سەروتار

لەیادی 104 ساڵەی ڕۆژنامەنووگەریی کوردیدا جێی خۆیەتی بەوردی دیقەت لەمەوقیعی ژن بگرین لەو بوارە زۆر زیندوەدا، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە بەفیعلیی لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ژن بوونو قەڵەمی تێیدا هەبووە، خۆ ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بەشداریی ژنان لەڕۆژنامەوانیدا هەڵبسەنگێنین دەزانین کە لەئاستێکی خراپدایە، ژنانێك کە 104 ساڵ بەرلەئێستا ئەو بوارەیان شك پێ بردبێو تائێستا بەشدارییەکەیان بەسنورداریی مابێتەوە وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە جێگەی تێرامانو پرسیارلەخۆکردنە، داخۆ بۆ ژنان لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا لەپەراوێزدان؟! بۆ وەك هەموو بوارەکانی تر ژنان تیایدا پاشکۆن؟!

بەدڵنیاییەوە وەڵام بەم پرسیارانە زەحمەت نییە، ژنی ڕۆژنامەنووس وەك هەر ژنێکی تری ئەم کۆمەڵگەیە گەلێ ئەرکی تەقلیدی لەئەستۆی نراوەو لەوەزعێکی تاقەت پروکێندا کاری ڕۆژنامەنووسیو کارەکانی تری وەك ژن بەڕێوە دەبات، لەوکاتەدا کە دنیای ڕۆژنامەوانیی پێویستی بەزانیاریی و فێربوونو بەدواداچوونو خوێندنەوەی بەردەوام هەیە، لەهەمانکاتدا دەیان کارو لێپرسراوێتی ناوماڵو پەروەردەکردنی منداڵ چاوەڕێی ژنی ڕۆژنامەنووسە، کە لەهەردوو بوارەکەشدا داوای سەرکەوتنی لێدەکرێت، ژنی ڕۆژنامەنووس ئەوکاتەی لەڕۆژنامەکەیدا داوای باشترین کاری ڕۆژنامەوانیی لێدەکرێت لەکارەکانیدا بەهاوڕێی پیاوەکەی بەراورد دەکرێت، لەماڵەوە داوای باشترین دایكو ژنی لێدەکرێت کە کۆکردنەوەی ئەو دوو کەسێتییە لەمڕۆی کۆمەڵی ئێمەدا کە پشتیوانێکی ڕاستەقینەی ژن نییە تاڕادەیەك مەحاڵە.

بۆیە ئێستا بەئاشکرا غیابی ژن لەبواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دیارەو زۆربەی ئەو ژنانەش کە لەوبوارەدا کاردەکەن یان سەرکێشانە لەسەر هیلاکیی جەستەو دەرونی خۆیان بەردەوامی بەکارەکانیان دەدەن یان بەشدارییەکەیان لەئاستێکی زۆر سنووردارداییە کە ئومێدی ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوویان لێناکرێت.

جێی خۆیەتی لەمەودوا خەمی ژنانی ڕۆژنامەنووس ببێتە خەمی هەمووانو بیرکردنەوەو کارکردن بۆ باشکردنی وەزعی ژنان پانتاییەکی گەورە دابگرێ، چونکە تا بەشداریی ژنان لەبواری ڕۆژنامەگەریدا لەم ئاستەدابێت، ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی پراوپڕ جێگەی خۆی ناگرێت لەکۆمەڵگەی کوردیداو کەلێنی قەڵەمی ژن بەئاشکرا پێوەی دیار دەبێت.

بەڕێوەبەری گشتیی WFP لەعیراق سەردانی پرۆژەی بەخێوکردنی هەنگ دەکات

ڕۆژی 2002/4/17 عەبدولڕەحمان چودەری بەڕێوەبەری گشتیی WFP لەعیراق هاوڕێ لەگەڵ مزەفەر چودەری بەڕێوەبەری WFP لەسلێمانیو سەلمان عومەر کارمەندی جێبەجێکەری پرۆگرام لەسلێمانی سەردانی پرۆژەی بەخێوکردنی هەنگی کرد لەچوارتا.

بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان پێشکەش بەڕێکخراوی WFP کراوەو ڕۆژی 2002/4/6 لەبنکەی ڕێنمایی کشتوکاڵی چوارتا یەکەم ڕۆژی خولی ڕاهێنانی پرۆژەکە دەستپێکرد.

شایەنی وتنە لەقۆناغی یەکەمی پرۆژەکەدا کە ساڵێك دەخایەنێت (50) بێوەژنی سەرۆك خێزان لەگوندەکانی (سنکێ، بێورێ، واژە، قەڵاچوالان، تەگەران، کەناروێ، پاڕەزان، گوێزە ڕەش) لەپرۆژەکە سودمەند دەبنو لەقۆناغی دووەمدا ژمارەیەکی تر لەژنانی ناوچەکە دەگرێتەوە.

ئێران

بکوژێکی ژن مەحکوم دەکرێت

تاران- الزمان- وکالات

بەم دواییە حوکمی لەسێدارەدان درا بەسەر تاوانبار (هنائی)دا لەشاری مەشهەدی ئێران ئەویش بەهۆی کوشتنی 16 ژنو کچی بێتاوان.

تاوانبار سەبارەت بەم کارانەی وتویەتی:

زۆرینەی قوربانیەکان تەمەنیان لەنێوان 25–50 ساڵیدایەو ئەم کارەشم لەپێناوی خودادا کردووەو هیچ پەشیمانیش نیم، چونکە کوشتنی ژن لای من وەك کوشتنی سیسرك وایە.

سەبارەت بەچۆنیەتی کوشتنی ژنەکان (هنائی) دەڵێت:-

ئەو کاتانەی هەرسێ منداڵەکەمو ژنەکەم لەماڵ دەچوونە دەرەوە، قوربانییەکانم دەبردە ماڵەوەو بەلەچکەکەی سەریان دەمخنکاندنو پاشان بەعەباکەی سەرشانیان ئەمپێچانەوەو فڕێم دەدان.

شایەنی باسە بڕیاری لەسێدارەدانی تاوانبار لەبەرەبەیانی ڕۆژی 4/19داو لەمەیدانی زینداندا بەبەرچاوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەکانەوە بێ ئەوەی هیچ کام لەئەندامانی خێزانەکەی ئامادەبن، بەئەنجام گەیەنراو بەم شێوەیە ترسو دڵەڕاوکێ لەدڵی کچانو ژنانی ئێران ڕەوێنرایەوە.

لەلەندەن کتێبخانەی ژنان کرایەوە

لەمانگی ڕابردوودا لەلەندەن یەکەم کتێبخانەی گشتی تایبەت بەمەسەلەکانی ژنان کرایەوە، ئەو کتێبخانەیە زیاتر لە (6000) کتێبو سەرچاوەی لەخۆگرتووە.

بەڕێوەبەری کتێبخانەکە کە خاتوو (ئەنتونیا بیات)ە دەڵێ:

ئەو کتێبو سەرچاوانەی لەکتێبخانەکەدان کۆمەڵێ کتێبی نائاساییین، چونکە بەتەنیا مێژووی خەباتی ژنان لەپێناو یەکسانیدا ناخاتەڕوو، بەڵکو ئەم کتێبیخانەیە بۆتە سەرچاوەیەکی بێ وێنە لەمێژووی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

ئامانجی ئەم کتێبخانەیە بەزیندویی هێشتنەوەی مێژووی ژنانە لەڕێی ئەو بەڵگەنامانەوە کە لەکتێبیخانەکەدا هەیە کە لەو بەڵگەنامانەدا ئەو گۆڕانکارییانە دەکەوێتە بەرچاو کە بەدرێژایی (150) ساڵ لەژیانی ژناندا ڕویانداوە، ئەمە جگە لەچەندین کتێبی ڕومانسی، لەوانە کتێبە بەناوبانگەکەی باربارا کارتلاند دەربارەی چۆنیەتی ئاهەنگ گێڕان لەبۆنە ڕەسمییەکاندا.

ڤیەننا

نیوملیۆن ژن دەبنە قوربانیی لەشفرۆشی

سەرچاوەکانی ڤیەننا بەم دواییە ڕایانگەیاند کە نیوملیۆن ژن لەئەوروپادا بوونەتە قوربانیی کاری بەدڕەوشتیی. لەکاتێکدا تاوانی بازرگانیو ئاودیوکردنی ژنان بۆ نەمسا درایە پاڵ (ولفجانخ شوارتز) پاڵەوانی نەمسا بۆ خلسکێنەی سەربەفر لەخولی ئۆلۆمپیادی ساڵی 1968دا، شایەنی باسە کە ئەم ژنانە بەبیانوی دۆزینەوەی کار دەهێرێنە ئەو وڵاتە، بەڵام دواتر ڕاستییەکان بەچاوی خۆیان دەبینن، ئەمەو ڕاگەیاندنەکان دەریدەخەن کە لەڤیەننا شەش هەزار ژن لەوبوارەدا کاردەکەن.

ئیسپانیا پێشوازیی لەکۆنگرەی دافوسی ژنان دەکات

کۆنگرەی دافوس ساڵانە کۆبوونەوەی ئابووریی جیاواز لەسەر ئاستی جیهان دەبەستێتو تیایدا تاوتوێی باری ئابووریی و بازرگانییە جیهانییەکان دەکات.

دوای ئەوەی ژنانی سەرمایەدارو بەتوانای بواری ئابووریی هەستیان بەپەراوێزبوونی خۆیانکرد لەم کۆنگرانەدا بەهاوکاریی ژنە دەرکەوتووە حکومییەکانو ئەوانەی پۆستی دیاریان هەیە لەسەر ئاستی جیهان بڕیارياندا لە (11) تا (13)ی مانگی (7)ی ئەمساڵدا کۆنگرەی دافوسی ژنان لەبەرشلونە ڕێکبخەن.

(ئارین ناتیفیدادی) بەڕێوەبەری کۆنگرەکە ئاماژەی بەوەدا کە لەکۆنگرەکەدا وەفدی (50) دەوڵەت بەشداریدەکات لەوانە (لوریت ئەنکلینکس) جێگری سەرەك وەزیرانی بەلجیکاو (ئەستريد فیشێل) جێگری سەرۆکی کۆستاریکا.

ئارین دەڵێ: ئامانجی کۆنگرەکە، توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانی ژنانە لەڕووی ئابوورییەوە لەسەرجەم وڵاتانداو تیایدا باسو لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی جیاوازیی لەنێوان کرێی پیاوو ژنو توانای ژنان بەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا دەکرێتو هانی زیاتری ژنان دەدرێت بۆ ئەوەی لەمەودوا چالاکییەکانیان دەربخەن لەبواری ئابووریدا.

مەدرید- ڕۆیتەرز

جەزائیر

ژمارەی قەیرەکچان ڕوو لەزیادبوونە

هەواڵگری ڕۆیتەرز لەجەزائیرەوە ڕایگەیاند، لەئامارێکدا دەرکەوتووە کە نیوەی کچانی جەزائیر ڕووبەڕووی مەترسیی قەیرەیی دەبنەوەو ئێستا (چوار ملیۆن) کچ هەیە لەو وڵاتەدا کە تەمەنیان لەسەرووی (34) ساڵییەوەیە.

هاوکات ئەو کچانەی کە تەمەنیان بۆ شوکردن ئەشێ نزیکەی هەژدە ملیۆنەو تەمەنی هاوڵاتیانی سەرو هەژدە ساڵ لەوڵاتی جەزائیردا تەنها سی ملیۆن کەسە، ئەمەو ئامارەکان دەریدەخەن لەچاو ئاماری ساڵی/ 2000دا ئێستا ڕێژەی شوکردن زیادی کردووە، هەرچەندە ئەم ڕێژەیە لەچاو ژمارەی گەنجەکاندا زۆرکەمەو ئەوانەشیان کە شوودەکەن لەبەر کەمیی و گرانیی شوێنی نیشتەجێبوون لە 51٪یان ناهێڵن منداڵیان ببێت.

ژنێکی سعودی دارکاریی مێردەکەی دەکات

ڕۆژنامەی الاتحاد 2002

کاتێك (ر.ع) تەمەن 40 ساڵ دەزانێت مێردەکەی ژنی دووەمی هێناوە دارێکی گەورە لەئوتومبیلەکەیدا دەشارێتەوە، ئەو عەسرەی مێردەکەی لەگەڵ ژنە تازەکەیدا لەبازاڕ دەبینێت دارەکە دەردەهێنێتو لەهێرشێکی لەناکاودا مێردەکەیو ژنە تازەکەی دارکاریی دەکاتو تاپۆلیس نەگەنە فریای پیاووژنەکە ئەم دەستیان لێهەڵناگرێت.

سەیر لەوەدایە، مێردی (ژن)ەکان ئیعترافی کردووە کە ئەمە یەکەمجار نییە ژنەکەی دارکاریی دەکات، بەڵکو پێشتر بەتۆمەتی مێبازیی و چاوگێڕان چەند جارێك زیندانی کردووەو لێیداوەو بێ نانو ئاوی کردووە، بۆیە ڕازی نەبوو لەدادگا لەژنەکەی خۆش ببێت.